# ئایا له یلا زانا شۆرشگێرێکی کورده یان تورک ؟

ئه رده لان عه بدولا

ئه ڵمانیا

زۆرجار ده ووترێت به ندیخانه قوتابخانه یه . حکومه ته دیمۆکراته کان ، به ندیخانه وه ک ده زگایه ک به کارده هێنن ، بۆ پاراستنی کۆمه لگا له و که سانه ی که خراپه کاری ده که ن . زۆرجاریش ده بێته ده زگایه ک بۆ چاره سه رکردنی ئه وکه سانه . ئه گه ر چی زۆرجار رژێمه فاشست و دیکتاتۆره کان ، به ندیخانه وه ک ده زگایه کی تۆقێنه رو داپلۆسێنه ر به کارده هێنن ، له دژی ئه و که سانه ی که نارازین به حوکمی ناره وایان. به هۆی ئه م ده زگایه یه وه خه لکی ده ترسێنن و ، خه لکی له ترسی به ندیخانه ناچار ده که ن ، که رازیبێت به رژێمه که یان . به لام زۆرجار به پێچه وانه وه ، خه ڵکانێک هه ن له رێگای به ندیخانه وه ، هێنده ی تر ده که وێته دژایه تی کردنی ئه و رژێمانه و،شیلگیرانه تر باوه ڕی به شۆرش ده بێت و له خه باتکردن به رده وام ده بێت . بگره زۆرجار خه ڵکانێک هه ن ، پێشتر هیچ په یوه ندیه کی به سیاسه ته وه نه بووه ، به لام که ده چێته به ندیخانه وه فێری سیاسه ت ده بێت . بگره به ندیخانه له زۆر وولاتی جیهاندا به به شێک له خه بات ده ژمێرێت ، به تایبه ت له و وولاتانه ی که رژێمی دیکتاتۆر و فاشست و داگیرکه ر حوکمی ده کات . له هه مانکاتیشدا به ندیخانه به شێکی گه وره ی ئه ده بیاتی ، ئه و وولاتانه ی داگیرکردووه. جوانترین شیعری ( مزه فه ر نه واب و سه عدی یوسف ) ئه و شعرانه ن ، که باسی خه باتی ناو زیندانه کان ده که ن ، گیانی خۆراگری و خۆبه ختکه ری هاورێکانیان به شعر ده هۆننه وه .

نیلسۆن ماندیلا ده لێت :( له به ندیخانه ،رۆژ له دوای رۆژ ، هێنده ی تر باوه رم به رزگاری گه له که م به هێز تر ده بوو ). دیاره هه مووشمان ده زانین ، رۆلی ئه و خۆراگریه ی ماندێلا چه نده گرنگ بوو ، بۆ شۆرشی گه لی باشووری ئه فه ریکا . مێژووی کام وولات سه یر ده که یت ، هه موو به شانازیه وه باسی ئه و که سانه ده که ن ، که خۆراگربوون له زیندانی دوژمندا ، ئه و که سانه ش که خۆراگر نه بوون و ترسنۆک بوون و وازیان له باوه ڕیان هێناوه له به ر ئه وه ی نه کوژرێن ، زۆر به خراپی و شه رمه زاریه وه باسیان ده که ن .

له کوردستانیش به هه مان شێوه ئه وکه سانه ی که خۆراگر بوون ، له زیندانی دوژمندا ، به شانازیه وه باسیان ده که ین .

بێ باک له به رده م سێداره ی دوژمن
په تی سێداره ده نێمه گه ردن
کرێکارێکی هه ژاری کوردم
هیچ په شیمان نیم له وه ی که کردم .

به م شێوه یه (شێخ شه هاب ) ، له زیندانی به عسدا ، مێژووی بۆ خۆی تۆمار کرد ، هه ر ئه و خۆراگریه یه بوو ، وای له خه لکی شاری سلێمانی کرد ، ئه و رۆژه ی ته رمه که یان به خاک سپارد ، هه موو دوکان وبازار دابخه ن و بچن بۆ سه ر قه بران ، له رێوره سمێکی شکۆداردا ، گیانی به خاک سپێردرا .به لام ، زۆر سه یره هه ندێک له هاورێکانی خاله شه هاب ،ژیانی خۆشی کامه رانی، وای لێکردن که ببنه خاوه نی (فایلی ره ش ) .

زۆرجار خۆشی ژیان وا له هه ندێک که س ده کات واز له شۆرشگێری

بهێنێت ، چه نده ناخۆشی و لێدان کاریگه ری هه یه ، ئه وه نده ش خۆشی ژیان کاریگه ری هه یه بۆ نه هێشتنی گیانی شۆرشگێری .یه کێک له وکه سانه ی که جێگای شه رمه زاریه ،لای هه موو گه له که مان (عه بدولا ئوج ئالان) ، که بینیمان چۆن له زینداناخۆی رسوای گه ل و مێژوو کرد . که چی زۆر سه یره هێشتا زۆر که سی ناو پارته که ی به سه رۆکی خۆیانی داده نێن .کاتێک که سکرتێری پارتی کۆمۆنیستی ئێران (توده ) ، له زیندان تۆبه تنامه ی نووسی ، زۆربه ی هاورێیانی وازیان لێ هێناو ، له پارته که ش ده ریان کرد . که چی هه ڤالانی ئوج ئالان ، به پێچه وانه وه هه ر به رده وامن له پشتگیریان بۆ ئه و که سه ترسنۆکه .ئوج ئالان هه تا له لوبنان بوو داوای چوار پارچه ی کوردستانی ده کرد ، که چی که چووه زیندان . ده لێت من تورکم 1هیچ کات ماندێلا ئاماده نه بووه بلێت ( من ئه ورووپیم ) ، واز له ره نگی ره شی ئه فه ریکی بهێنێت . زۆر که س هه ن ده یانه وێت ئاپۆ به ماندێلای مشبهێنن. ئه و که سانه نه ماندێلا ده ناسن . وه نه ئاپۆ ش ئه وه ی که جێگای شانازی بوو لای هه مووشمان ، (له یلا زانا )و هاورێکانی بوون . مێژووی کورد چه ندین ژنی ئازاو به جه رگی تیایه . پێش سی سالێکیش له مه وپێش ، له یلا یه کی ترمان هه بوو ، که گیانی کرده قوربانی له زیندانه کانی به عسدا شه هید بوو که چی زۆر سه یره هه ڤاله کانی له یلاخان ، بۆ ئه وه ی خۆشی ژیانیان بپارێزن ، په نایان بۆ به عس و سوپا درنده که ی برد .خاتوو له یلا زانا ، له به ر ووشه ی کوردی ، کوردی بوونی چووه زیندانه وه ، به لام جێگای داخه کاتێک که ئه م خانمه له زیندان ده رچوو ، هه زاران که س چوون بۆ پێشوازی کردنی ، ئه م خانمه به رێزه ، به تورکی قسه ی کرد و پاشانیش شانازی به تورکی بوونی خۆی ده کات .جێی داخه که ماوه یه که خاتوو له لیلا زانا ، خه ریکه هه رچی مێژووی بر شکۆداری هه یه ، بیسرێته وه و مێژوویه کی پر شه رمه زاری بۆ خۆی تۆمار بکات .

پێش ماوه یه ک نامه یه کی بۆ کۆمسیۆنی ئه ورووپا نووسی ده لێت :

( ئێمه ی تورک گه لێکی ماڤپه روه رین )2 سه رۆکی په رله مانی ئه ورووپا کاتێک که ووتی سه ردانی کوردستان ده که م ، ناوی کوردستان به شێوه یه ک حکومه ته فاشسته که ی تورکی وا شێت کرد ، خه ریک بوو واز له هه موو شتێک بهێنن . له به رامبه ر ئه وه کاتێک که چووه دیاربه کر خاتوو له یلا زانا نانی بۆ ده بات و ده لێت : ( ئێمه تورک میوان دۆستین )3خاتو له یلا زۆر هه ڵه یه ، چونکه سه رۆکی په رله مانی ئه ورووپا ، خۆی ده لێت ده چم بۆ کوردستان ، واته له گه ڵ کورد دابنیشم . چونکه ئه و له ئه نکه ره ، له گه ڵ نوێنه رانی تورک دانیشت ، پێویستی به نوێنه ری تورک نیه له دیاربه کر .خاتو له یلا له به ر ئه وه ی شۆرشگێرێکی کورد بوو، ناوبانگی ده رکرد ئه و وه ک نوێنه رێکی کورد بانگی په رله مانی ئه وروپا کرا ، که چی ئه و خانمه دێت ، ده لێت ئێمه ی تورک میواندۆستین .هه رچه نده ئه م قسه یه شی زۆر هه له یه ، چونکه زوربه ی رۆژهه لاتناسان ، باسی نا میواندۆستی تورک ده که ن .

میجه ر ئۆیل ده ڵێت :( که ده چوینه ماڵه تورکه کانه وه ، یه کسه ر ده یانووت که ی ده ڕۆنه وه ، به پێچه وانه وه کورده کان زۆر حه زیان ده کرد که میوانداریمان بکه ن )4زۆر سه یره خاتوو له لیلا هه تا له زیندانا بوو شۆرشگێر تر بوو ،تۆ بلێیت ئه میش خۆشی ژیان وای لێکردبێت واز له شۆرش بهێنێت ؟

له کۆتایدا ده لێم ، تۆ بلێیت له یلا زاناو عه بدولا ئوج ئالان ، زیندانه کانی تورکمان ، لێ بکه نه قوتابخانه یه ک و لاوی کوردی پێ فێری تورکی بکه ن ! پاش ئه وه ی حکومه تی تورک ،چه ندین ساله نه یتوانیوه گیانی شۆرشگێری لاوی کورد له ناوبه رێت ،هه زاران لاوی کورد گیانیان له وزیندانانه دا کرده قوربانی کوردایه تی .

---------------------------------------

1 کوردستان نێت هه واله کان

2 هه مان سه رچاوه

3 هه مان سه رچاوه

4 بیره وه ریه کانی میجه ر ئۆیل . چابخانه ئه لحوادس . به غداد، 1982 . لاپه ره 34